## سورەیا فەلاح:

# ئێران زۆرترین ژمارەی رۆژنامەوانانی ناو زیندانی هەیە

(2-2)

کۆوار




**سورەیا فەلاح چالاکوانی ماف مرۆڤ و ماف ژنان، لە بەشی دووەمی ئەو دیمانەیەدا وێڕای باسکردن لە رەوشی ژنی کورد بەگشتی، سەبارەت هەوڵ و کۆششەکانی خۆیشی بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەم دەرهەق بە ژنی کورد و کارکردن بۆ ئاگادارکردنەوەی زۆرترین رێکخراوە نێودەوڵەتی و تایبەتمەندەکانی بواری ماف مرۆڤ لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەدوێت .**

**کۆوار:** ئەو غەدرە گەورەیەی لە کۆمەڵگای کوردی لەلایەن پیاوەوە لە ژن دەکرێت، لەسەر ئاستی میدیا و ناوەندەکانی داکۆکیکردن لە ژنان و کۆمەڵیش، چ کاردانەوەیەکی لەسەر سومعەو ناوبانگی ئەو میللەتە دروستکردووە، بۆ نموونە وەك میدیاکان ئاماژەی بۆ دەکەن زۆرجار پیاوی کورد، تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەداش قبوڵی نییە کچ، یان خوشکەکەی ئارەزوومەندانە هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت، یان کەسێکی خۆشبووێت، ئەم دۆخە چۆن دەبینیت؟

**سورەیا:** زۆر لەم باسو خواسانە بە دەنگێکی بەرزتر بە کۆمەڵگاو گروپە ئازادیخوازەکان ئەگات، زۆربەی ئەم رێکخراوانە بەشێکیان هەیە کار لەسەر نەتەوەکانی دیکەو ژیانی ژنان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یاسای ئەو ولأتانە دەکەن، ئەوان ئیشی زۆر لەسەر ئەو پرسە دەکەن، هەر بۆیە هەر دەنگوباسێکیان پێبگات ئەیدرکێنن، بەلاّم کۆمەڵگای رۆژئاوا وەك ئەوروپاو ئەمەریکاش سەبارەت بە رۆژهەلأتی ناوەڕاست زۆر شت نازانن، مەگەر لەنێو رێکخراوەکانو لە زانکۆکان دابن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی لەم ولأتانە تاوان روو دەدەن، زۆر لەو هەوالأنە ئەکەونە بەردەستی میدیاو ئەوانیش گەورەی ئەکەن.

**کۆوار:** ئاخۆ بارودۆخ و ژیانی ژنی کورد لە سایەی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ( تورکیا، ئێران، سوریا) بە بەراورد لەگەڵ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، چ جیاوازییەکی هەیە، پێتوایە ژنی کورد لەم هەرێمەدا ( باشووری کوردستان) تا ئاستێك نایەکسانی کۆمەلأیەتی لەسەر هەڵگیرابێ؟

**سورەیا:** بارودۆخ و ژیانی هەر نەتەوەیەك لە سیستەمی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە کاریگەری وەرئەگرێت، ژنی کوردیش لەم ڕەوشە بەدەر نییە، میللەتێ بەهۆی پارچە پارچە بوون لە بەینی چەندین وڵاتی دیکەدا هێشتا سەربەخۆیی وەرنەگرتبێ، ناچاری قبوولکردنی یاسای دانراوی دەستی نەتەوەکانی دیکە دەبێت، ژیانی ژنانی ئەو میللەتە بە سەربەستی بەڕێوە ناچێت، ژنانی هەر چوار پارچە (بە بڕوایێکی دیکە پێنج پارچە)ی کوردستان، نزیك بە سەدەیەکە لە پەنای سیستەمی دواکەوتووانە، فشاری شەڕ و چەوساندنەوەو دەرکردنو کوشتنی بەسەرەوەیە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان کاریگەری باشی هەبووە لەسەر وەزعی ژنان، بەشداری ئەوان لە بوارە سیاسییەکانو ئامادەیی بەرچاویان لە پەرلەمان، بوونی ژمارەیەکی زۆری سەنتەری ژنان و ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت، ئازادی لە هەڵبژاردنی جلو بەرگی خۆیانو دەنگ هەڵبڕین بۆ گۆڕانکاری لە یاسای کەسیەتی، وەزعی ژنانی ئەم ناوچەیەی لە ژنانی ناوچەکانی تری کوردستان جیاکردۆتەوە. لە باکووری کوردستان هێشتا بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بۆ پاشخستنی ئەو ناوچانە، هاتووچۆ بۆ شارەکانو ڕۆیشتن بۆ فێرگەکان زۆر دژوارە. لە سوریا نەدانی ماف شاروەندیو هاوشاریەتی بە کوردەکان کێشەکەی چەند بەرامبەر کردووە. جیاوازییەك کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیەتی، شارنشینەکان زۆرترن لە گوندو دێهاتنشینەکان، بەشداری لە حزبایەتیو بزاڤی فێمینیستی ئەچێتە پێشەوە، بەڵام بەدەست کۆماری ئیسلامی سەرکوت دەکرێن، دەسەلآت لە ئێران لە وەزعیەتێکدایە لە هەموو جووڵانەوەیەك لە کوردستان ترسی هەیە، هەروەها هاتووچۆی کوردەکانی کوردستانی ئێران بۆ باشووری کوردستان مەترسییێکی زۆری لەسەرە، بەو پێیەی زۆربەی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلآت دانیشتووی باشوورن، بۆیە سەرکەوتنی بزووتنەوەی باشور مەترسی بۆ ئێران دروستکردووە. کوردەکانی ڕۆژهەلآت توانیویانە لەو ئەتمۆسفێرە کەڵك وەرگرنو چەندین NGO دابمەزرێنن، بێ ئەوەی ئەزموونی زۆریان لە (NGO)ی ئەورووپاییو ئەمەریکییەکان هەبێت، بەڵام بەرەو بزاڤی ماف مرۆڤ هەنگاو دەنێن.

**کۆوار:** ئەی بەشداری ژنی کورد لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە هەرێمی کوردستان دەخەیتە چ قاڵبێك؟

**سورەیا:** پێشووتر لە وتوێژێکدا باسی بەشداری سیاسی ژنان لە سیستەمە سیاسییە دیموکراتیو دیکتاتۆرییەکانم کردبوو، لەوێدا باسی بەشداری ژنانم لەو هەردوو سیستەمە جیاواز کردووە، لە سیستەمی دیموکراتیدا دەسەلآت پێویستی بە شەرعیەتی ناو میللەت هەیەو بەلایەوە ڕێژەو دەنگ زۆر گرنگە، لە کوردستان بەشداری ژنان لەنێو جوڵانەوەو بزاڤە مەدەنییەکان لە سەرەویەو لەچاو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەیەکی بەرچاوە. ژنان لە باشووری کوردستان توانیویانە تا ئاستێك بەشداری بەڕێوەبردنو تێکەڵبوون لە سیستەمی سیاسی دا بکەن. ئەتموسفێرێکی سیاسی و دیموکراتی، بەهۆی خەباتی درێژخایەنی نەتەوایەتیو ڕەخساندنی دەرفەتێك بۆ ژنی کورد لەڕێی پێکهێنانی ڕێکخراو و (NGO)و گۆڕینەوەی بیرو بڕوای زیاتر لەگەڵ (NGO) ئەورووپیو ئەمەریکییەکانو کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان بەدەستهاتووە. بەڵام دەکرا لەڕووی ئەدگارو نموونەییو چەندایەتی، ئەم بزاڤە لەسەرتر بوایە، من دەتوانم چەند هۆیەك ناو بەرم، کە بەری ئەم پێشکەوتنەی تا ئاستێك گرتووە، یەکێك لەوانە سیستەمی فیوداڵیو پیاوسالاریە، دووەم ئەم سیستەمە بەستراوەتەوە بە سیستەمی ئاینی، کە زامنی یاسای نووسراو و نەنووسراوە لە کۆمەڵگا سوننەتییەکان. کۆمەڵگای کوردی هێشتا فاکتۆرەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی لە ناوخۆیدا دروست نەکردووە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کردستان بۆ ڕاهاتن لەگەڵ پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ ماف ژنان، جارنامەی جیهانی ماف مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، ڕاوێژ بە زانایانی یاسا نێو نەتەوەییەکان بکات.



**کۆوار:** وەك دەبینین لە سایەی ڕژێمی ئێراندا ڕۆژ نییە هەڵسوڕاو و ڕۆژنامەوان و کەسانی ئازادیخواز ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجەدان و تا دەگاتە لەسێدارەدانیش نەبنەوە، ئێوە وەك داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، تا چەند توانیوتانە ئەو زوڵم و ستەمە بۆ جیهانی دەرەوە ئاشکرا بکەن و ناوەندەکانی مافی مرۆڤی لێ وەدەنگ بێنن و فشار دروست بکەن؟

**سورەیا:** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێران زۆرترین ژمارەی ڕۆژنامەوانانی ناو زیندانی هەیە، کەسانێکیان بڕیاری حوکمی ئیعدامیان لەسەرە، گوناهی هیچ کامیشیان شتێ نییە لە غەیری بەشداری بزاڤی ماف مرۆڤ، هەروەها ئەم زوڵمو فشارە بەرامبەر بە ژنانو خوێندکارانو کرێکارانیش هەیە، من بەهۆی بەشداریم لە چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی توانا، ئەو واقیعە دەگوازمەوە، ئێمە چ لەسەر ئاستی تاکو چ لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی لەگەڵ زۆرترین ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانو ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ لە پەیوەندی داین. پەیوەندی نزیکمان لەگەڵ کەسایەتیو ڕێکخراوەکانی نێو کوردستانیش، ئەو توانایەمان پێ ئەدات، لە زووترین کاتدا ئاگاداری پێشهاتەکانی نێو وڵات بین و بەگوێرەی توانا کار لەسەر ئەو پێشێلکاریو تاوانانە بکەین، لەگەڵ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی ماف مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانو میدیای ئەمەریکی، پەیوەندی بەستین و دونیای لێ ئاگادار بکەینەوە.